سەرەكی لەبارەی پێوەندی

سیاسی ناوخۆ چاوپێكەوتن ئابووری راپۆرت وتار كولتوور جۆراوجۆر تەكنەلۆجیا كۆمەڵایەتی تەندروستی
وەرزش ئەرشیف

# هەرير دەبێتە ناوچەيەكی گرنگی شوێنەواری




ماوەی دوو مانگ تیمێكی رووپێوی سەربە زانكۆی "ئادەم میسكتقیچ"ی

زۆرترین خوێنراو

مانگێک هەفتەیەک ٢٤ كاتژمێر


رووونكردنەوە لەبار
دۆخی دەروونی ز
ئەسعەد بڵاو كرايە


شانیا سیروان: حە
لەبەر جوانییەكەم
حەزم لێ بكات


ئاراس كۆیی بەش
دووەمی كورتەفی
"خەپە گیان" بڵاو


شانۆكار نازدار هە

پۆڵەندی بە هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر، لە دەشتی هەریر سەرقاڵی کاری رووپێوی بوون بۆ دۆزینەوە و تۆمارکردنەوەی ناوچە شوێنەوارییەکان.

ئەنجامەکانی ئەم کارە هاوبەشە دۆزینەوەی **71** ناوچەی شوێنەواریی نوێ و دۆزینەوەی کۆمەڵێك پارچە گڵینە و دراو و گۆزە و دروستکردنی نەخشەی شوێنەواری نوێی ناوچەکە بوو، هەموو ئەوانە لەڕووی شوێنەوارییەوە پێگەیەك بۆ هەریر مسۆگەر دەکەن.
پرۆفیسۆر رافائل کولنسکی سەرۆکی تیمە پۆڵەندییەکە بە"وشە"ی ڕاگەیاند، "گرنگی ناوچەکانی کوردستان بۆ دەوڵەمەندبوونیان لەڕووی شوێنەوارییەوە دەگەڕێتەوە، بۆیە ئێمە ساڵانە بە خۆشحاڵییەوە روو دەکەینە کوردستان بۆ ئەنجامدانی چالاکی شوێنەواری لە بوارە جیاوازەکاندا".

ئەو باس لە ئەنجامەکانی ئەم کارە هاوبەشە دەکات و دەڵێ، "دۆزینەوەی چەند سایتێکی شوێنەواری وەك گردی خرابە لە گوندی قادیانا کە هەندێك پارچە شوێنەواری وەك پارچە گۆزە و ئامرازی بەردینی تێدا دۆزراوەتەوە، بە یەکێك لە گرنگترین دەستکەوتەکانی ئێمە دادەنرێت کە لەو چوارچێوەیەدا توانراوە چەند سەردەمێکی مێژوویی گرنگ تۆمار بکرێت".
دەشتی هەریر لە سیساوە تا زێی بادینان دەگرێتەوە، لە چەند شار و شارۆکە و گوند پێك هاتووە کە بە پێی ئەنجامی ئەم کارە رووپێوییەی ئێستە بۆی کراوە،


فیلمدا ماچ یان باو
بەلای منەوە ئاساییە


نەسرین مەحموود
پێشەنگەکەی یەک
تەلەڤزیۆنی کورد

بابەتی پێوەندار

یەکێك لە گرنگترین ناوچە شوێنەوارییەکانی کوردستان پێك دێنێت.

ڕێبوار جەلال نوێنەری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر کە لەگەڵ تیمی زانکۆی ئادەم میسکتشیچ کاری رووپێویی ئەنجام داوە، باس لە دۆزینەوەی کۆمەڵێك پارچە گڵینە و گوزە و چەندان دراوی سەردەمە جیاوازەکان دەکات.

ئەو بۆ "وشە" ئاشکرای کرد، "زۆربەی ئەو ناوچانەی بە مەبەستی رووپێوی سەردانمان کردوون، وەك زەویی کشتوکاڵی بەکار هێنراون و بەهۆی کێڵانەوە پارچە شوێنەوارییەکان هاتوونەتە سەر رووی زەوی و زۆر بە ئاسانی دەبینرێن، بەمەش دەتوانرێت بە ئاسانی سەردەمی مێژووی ناوچەکە دیاری بکرێت".

بە گوتەی پڕۆفیسۆر کولنسکی هەڵگرتن و کۆکردنەوەی پارچە شوێنەوارییەکانی کەوتووی سەر زەوی، یەکێك لە قۆناغەکانی کاری رووپێوییە کە ئەوان هاوکات لەگەڵ کارەکەیان، پێی هەستاون تا لە داهاتوودا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو پارچانە بکرێت.

دروستکردنی نەخشەی شوێنەواری و تۆمارکردنی سایتە شوێنەوارییەکان بە **GPS** یەکێك لە ئەنجامە گرنگەکانی کاری رووپێوی لە دەشتی هەریر بوو کە لە داهاتوودا دەتوانرێت خزمەتێکی زۆری بواری هەڵکۆڵین لەم ناوچەیەدا بکات.

کاروان عەبدوڕەحمان محەمەدەمین کە وەك نوێنەرێکی تری بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر بەشداری لە کاری رووپێوی دەشتی هەریر کردووە بۆ "وشە" دەڵێ، "ئێمە گرووپێکی 12 کەسی بووین کە هەوڵمان دەدا پاش دۆزینەوەی هەر سایتێك، شوێنەکەی لەسەر نەخشە دیاری بکەین و لە ناو GPS تۆماری بکەین".

ئەو باس لە دروستکردنی نەخشەی شوێنەواری دەشتی هەریر دەکات و روونی دەکاتەوە، "بە هاوکاری تیمە بیانییەکان، نەخشەی شوێنە شوێنەوارییەکان دروست دەکرێ تا بدرێتە لایەنە پێوەنیدارەکانی پلاندانان و پیشەسازی و رێگەوبان و هتد، بۆ ئەوەی لە پرۆژەکانیان شوێنە شوێنەوارییەکان بپارێزن".

یەکەم و دوایین کاری رووپێوی بۆ دەشتی هەریر لە ساڵی 1936 لەلایەن حکوومەتی عێراقی ئەنجام دراوە.

هەولێر/ سارا سەردار













وشە - تایبەت

PM:02:40:04/11/2016

ئەم بابەتە 1122 جار خوێنراوەتەوە

سیاسی
چاوپێکەوتن
ئابووری
راپۆرت

وتار
کولتوور
جۆراوجۆر
تەکنەلۆجیا

کۆمەڵایەتی
تەندروستی
وەرزش
ئەرشیف
ئەرشیفی سایتی پێشوو

پێوەندی

ıenet@gmail.com
تەلەفۆن: ³86262